# له پشت تاراوگه, جه‌لال به‌رزنجی شاعیر ناوی خۆی ده‌نیٚ ماڵه‌وه

فه‌رهاد که‌ریم
ئه‌ریزۆنا– ئه‌مریكا

**شه‌ویٚك,**

**به‌ناو شیعری شاعیریٚكدا رۆیشتم**

**زانیم له‌ ولاٚتی ئه‌ودا جوانی له‌ كویٚیه‌ ل15**

## هه‌میشه‌ جیاواز:

زۆر جار باوكم ده‌یگووت (له‌ وه‌تی فامم كردوه‌ نویٚژم نه‌چووه‌)منیش ده‌لیٚم (له‌وه‌ته‌ی فیٚری خویٚندنه‌وه‌ بویمه‌ شیعر ده‌خویٚنمه‌وه‌ ) باوكم عیشقی خودا بووه‌, شیعریش بۆته‌مالیٚ ئارامی من.

ستیف گینگ ده‌لیٚ(خودا په‌نجه‌ی له‌ سه‌ر دلٚت داناوه‌ , خودا خاوه‌ن زۆر په‌نجه‌ی تریشه‌)

جه‌لال به‌رزنجی ,خاوه‌نی نامیلكه‌ی (ناوم بنیٚن ماڵه‌وه‌) كه‌ سالٚی 2006 چاپی كردوه‌ , خاوه‌نی چوار نامیلكه‌ی شیعری تریشه‌, من چاره‌گه‌ سه‌ده‌یه‌كه‌ به‌ شیعره‌كانی جه‌لال ئاشنام , سه‌ره‌تای ده‌ست پیٚكردنی جه‌لال به‌رزنجی بلاٚو كردنه‌وه‌ی دیوانی(سه‌مای به‌فری ئیٚواران) بوو, له‌ سالٚی1979, كه‌وا به‌ ناوه‌رۆك و ستایلیٚك و زمانیٚكی تایبه‌ت به‌ خۆیه‌وه‌ راچه‌نینیٚكی له‌ ناو جیهانی شیعری كوردی دروست كرد.شیعره‌كانی جیاواز بوون له‌ شیعری شاعیرانی ئه‌وكات, شیعره‌كانی یاخی بونیٚك بوون له‌ سه‌ر بنچینه‌ی به‌هره‌و رۆشنبیری, بۆ شكاندنی یاساو ریٚساو هه‌لگه‌رِانه‌وه‌ به‌ رووی كۆنه‌خوازی, شیعره‌كانی تایبه‌ت مه‌ندو بویٚرانه‌ بوون , ده‌نگ و ره‌نگی خۆیان هه‌ بوو , ئیٚستاش له‌ بیرمه‌ ئه‌وده‌نگه‌ نویٚخوازانه‌ ئه‌وكات بووبوونه‌ جیٚگای توانج و قسه‌و قسه‌لۆكی ر ه‌خنه‌ گره‌ كورت بینه‌كانی ئه‌وكات, به‌لاٚم جه‌لال به‌رزنجی و هاوكارانی بوونه‌ ئه‌سیٚره‌و ره‌خنه‌گرانیش پوكانه‌وه‌ .

## سه‌فیری شیعری كوردی::

كورت و چرِ ,ده‌ست به‌ وشه‌وه‌ گرتن, ئارام و دوور له‌ هه‌لچوون , دوور له‌ ولاٚتیٚكی پرِ له‌ خه‌بات و خائن, , ته‌ژی له‌ پارت و ئاین, نامۆی به‌ شارستانیت تایبه‌ت مه‌ندی شیعره‌كانی جه‌لالن كه‌ ده‌یان خویٚنیته‌وه‌ بۆنی ماڵه‌وه‌یان لیٚ ده‌كه‌ی ,

جه‌لال به‌رزنجی, له‌ دووری نیشتمان سه‌فیری شیعری كوردیه‌و شیعر به‌ روحمان ئاشنا ده‌كات و به‌ فریشته‌ شیعر بۆ نیشتمان و مرۆڤایه‌تی ده‌نیٚریٚت, دوور له‌ ئاین و ئایدۆلۆژیای له‌ ناخه‌وه‌ مرۆڤایه‌تی مه‌به‌سته‌, , گه‌یشتوته‌ مه‌نزلگایه‌كی ئارام و زاله‌ به‌ سه‌ر توِه‌بوون و هه‌لچون. جوانی و جیهان بینی ,نه‌رم و نیانی , پاكی و بیٚگه‌ردی,ئارامی جیهانی شیعره‌كانیه‌تی, هه‌ستی جوانی, لیٚبورده‌ی, خۆشه‌ویستی, ئاو ئاسۆ, په‌نجه‌ره‌و ژیان, دره‌خت و ژوان, خه‌ونی به‌دی هیٚنانی ژیانیٚكی دوور له‌ خویٚن رژان پرِله‌ ئازادیو بۆیه‌ ده‌نووسیٚ:

**به‌ په‌یژه‌ی روحدا,**

**ده‌توانن سه‌ر تر كه‌ون ل43**

یان ده‌لیٚ:

**له‌گه‌لٚ پایز پیٚكه‌وه‌ دنیا جوان ده‌كه‌ین ل28**

شاعیر چونكه‌ ناخی جوان وپاكه‌ دووه‌ له‌ به‌رژه‌وه‌ندی و چاوچنۆكی ئه‌و رۆژگاره‌ كه‌ زۆر كه‌س به‌ هه‌ر چوار په‌ل تیٚكه‌وتوون به‌لاٚم ئه‌و هه‌ر خۆی گرتووه‌ راماوه‌ , بۆیه‌ ده‌لیٚ:

**کەمێکی تر رابمێنێیت**

**رووناکی ناخت زیاد دەکات ل23**

**واعیزانە نایەتە ئاخاوتن , باوەری بە پەیامی پیرۆزی شیعر هەیە , دەیەوێ پەیامێکی پیرۆز بگەیێنێ , دژ بە لەشکرکێشی , دژ بە سیکس , دژ بە گیرفان پرکردن, باوەرێکی پر لە هەستی هەیە بۆتێکەلاو بوونی رەنگەکان و دەلێ:**

**رەنگەکان لە نێوانماندا ون بوون ل 24**

**وەبیرمان دێنێتەوە با روو لە خۆشەویستی کەین چونکە ئاسۆیەك هەر واماوەو دەلێ:**

**هێشتا توانای خۆشەویستیم ماوە ل18**

**یان دەلێ:**

**مرۆڤایەتی**

**ناوی نهێنی خودایە ل 19**

**میللەتێك ئاستی هوشیاری نزم , سەری مرۆڤ هەر بۆ هەوەس دەپەرێنن, سیخناخن لە کوشتن و سوکایەتی و ئەتك کردنی ژن ئەم کەلتورە دەیەوێ زالّ بێت کەوا لە گەلانی دەوروبەر فێری بووین,شاعیر لە دەەوەی ئەم کەلتورە دەژێت و دەلێت:**

**لە هەر کوێ گوڵت بینی**

**بۆی بوەستە ل20**

**(ناوم بنێن ماڵەوە) لە تاراوگە نووسراوە گەر بڵێم میللەتی کورد قەرزای شیعرەکانی جەلال بەرزنجییە بە هەلە دا نەچووم , چونکە شاعیر, کەلتوری شەرانگێزی , زەلیلی, رادەمالێ و بە روحێکی فریشتەیی کورد بە گەلانی دنیا دەناسێنێ و دەڵێ ,**

**بەیانیان**

**لەخەو هەڵسایت**

**دەرگای ماڵەکەتان بخەرە سەر پشت ل11**

**جەلال شیعر بۆ جوانی ئارامی دەلێ:**

**لە هەر کوێ**

**گوڵت بینی بۆی بوەستە ل20**

**لەوبروایەم بە پێی شارەزای خۆم لە شیعری جیهانی و ئەمریکی کەوا ساڵانێکی زۆرە لەم وڵاتەدەژیم و گەر شیعری جەلال بخوێنەوە عەشقی ناو نیشتمانی شیعری جەلال دەبن, چونکە دەربرینی هێندە مرۆڤ دۆستانەیە , خاوەن شیعری ئەوەندە کورت و دەربرینی قوڵە, وەهەروەها جیهانبینی لە ناو شیعرەکانی بەرزنجیدا هەیە .هەبۆیەش هەندێك لە شیعرەکانی لە وڵاتی کەنەدا گەورەتین خەڵاتیان**

بردەوە..

## تاراوگە:

ماوەیەکی زۆرە لە تاراوگە دەژیم , ئەمریکا بۆتە ماڵ ولاتم , زوو لەوە گەیشتم دەبێت پۆزەتیڤانە رەفتار بکەم لە گفتو گۆیەکی تەلەفزیۆنیدا گووتوومە,(ئەم ولاتە (ئەمریکا) ولاتی هەمووانەو ولاتی کەسیش نیە) جەلال بەرزنجی دە ساڵە لە کەنەدا دەژیت, بۆ ئەویش هەروایە, بۆیە شیعرەکانی روێکی گەشبینی وسیمایەکی جیهانیان لێ بەدی دەکرێت, جیاوازن لە شیعری شاعیرانی ناوەوەی نیشتمان. و دەڵێت:

**رووبار**

**هەمیشە لەشی نەرمترمان پێ دەدات. ل** 35

**یان دەڵێ:**

**کات هێشتا لەسەرت وەستاوە,**

**یان دەڵێ:**

**برۆ بە شوێن ئەوەی خۆشت دەویست**

**یان بخەوە ل**31

**یان دەڵێ:**

**ئاسۆ**

**ئاژاوەی پێش خۆرئاوابوونی لە گەڵ خۆی دا نە برد ل** 65

**یان دەڵێ:**

**منداڵێك لە کەنەدا ,بیری زمانی دایکی دەکات**

**یان دەلێ:**

**نەورەسیش سەر زەیای جێهێشت**

**من و ئەو**

**دەمێکە بە ماڵەوە ناکەوینەوە ل**9

لەوەتەی لە تاراوگە دەژیم حەزم لە زمانی ئارام و دەربرێنی ئارامە , حەزیش بە جوینەوە و کۆپی کردن و لێك چوون ناکەم, زەوقی ئەو شتە سەرەتایانەم نەماوە, حەزم لە زۆر گوتنی هیچ نەگووتن نیە ,

دەمەوێ لەم رووەوە ئاماژە بەروحی بەرزنجی بکەم کە دەڵێ:

**سەری بەرزی چیا,**

**بۆ کەم کردنەوەی سەری بەرزی خودا نیە ل**67

**یان:**

**شەڕیش تەواو بوو**

**منداڵەکان لە (کەمپەکان)**

**له دەوری ئاگردان**

**لەسەر خۆڵ**

**نەخشەی نیشتمانیان دەکرد ل64**

تاراوگە هزری شاعیر دەگۆڕێ هەست دەکەی گەر لەناوجەنگیش دا بووبێت هەر بۆ ئاشتی شیعر دەنووسێ و دەڵێ:

**کازیوە لەناو تەقەی بەیانی دا ون بوو ل 68**

یان دەڵێ:

**خودا**

**لەترسی مرۆڤ , هەڵات ل61**

یان دەڵێ:

**یادەوەریەکانم**

**لە زمانی سێیەممدا پەرتەوازە بوون ل 74**

یان کە دەڵێ:

**هەستم لە مەرەکەب خێراتر**

**رژایە سەر پەڕە مووچە ل77**

ئائومێدیەك یەخەی شاعیر دەگرێت , لە ناو کەلتورێکی جیاواز , فرەنەتەوە , رۆژ رۆژی گلۆبالیزمە , پێشبڕکێیەکی ئابووری خێرا لە بازارە, کات نەماوە بۆ زۆر ئاوردانەوە, شیعر دەبێ لە ئاستی ئەو خێرایەبێت, بۆیە شاعیر هەست بە واقیعە تازەیە کردووەو دەڵێ:

**هیچ نەماوە,**

**لەبەر خۆمەوە گۆرانی بۆ بڵێم**

یان دەڵێ:

**بۆ دۆزینەوەی منداڵیم, دەبێ**

**لە شوێنێکی تر بگەڕێم ل 140**

## نیشتمان:

لە خۆشەویستێکی قوڵی نیشتماندا, لە دوورە وولاتی لە پشت تاراوگەوە جەلال بەرزنجی ناوی دواناملیکەی خۆی ناوە (ناوم بنێن ماڵەوە) شیعرەکانی دوورن لە دروشم و هەڵوێست فرۆشتن , هەر بەم بینینەش بەرزنجی گرەوی شیعری بردۆتەوە, کە بریتیە لە هەڵوێستێکی گەورەی,, جەلال شاعیرێکی بەرزو خاوەن ر ەوشتێکی شاعیرانەیە لە سەرەوەی هەموو شتەکان سەیری شیعر دەکات, بۆیە دەربازبووە لە تۆڕی میدیاو دەسەڵات کەزۆر لە شاعیرەکانیان کەوتونەتە ناوی دەستەمۆ کراون بەڵام نەیان توانیوە ئەو برگرن و و تۆزقاڵێك لە گەورەی وکبریائی ئەم شاعیرە بەهرەمەندە کەم کەنەوە, دەتوانم بڵێم بەرزنجی شاعیرێکی هاوچەرخ و جیهانییە رولی

دیاره بۆ بردنی شیعری کوردی بۆ ناو شیعری جیهانی و ڕۆیشتن لە گەڵ باگوردانی گلۆبۆلیزم. عەیامێکە لە هەندەران پەشێوی شاعیر گووتوویەتی:

**شەو نیە خەونتان پێوە نەبینم**

**ڕۆژ نیە لێتان تورە نەبم**

بەرزنجیش دەڵێ:

**هەندێك شتم بیر كەوتەوە**

**مەبەستم بوو لە بیریان بکەم** ل52

یان دەڵێ:

**تەم ومژەبوو منی گەیاندە ئێرە** ل 55

بەرزنجی لە دووری نیشتمان ئۆقرەی لێ هەڵگیراوە, خۆشەویستی ماڵەوە لە زۆربەی شیعرەكانی بەدی دەكرێ گەر مرۆڤیش بێ وڵات بوو خاوەن گریان و پێکەنین و خۆشیە,بۆیە بە دووشە دەڵێ:

## ئەمە کۆتاییە ل23

بەرزنجی تەمەنی لە سەروی پەنجایەو پاكیشی هی منداڵ

ماڵیشی لە تەنیشت خودایە

:بۆیەدەڵێ

**بۆ چوونەوە منداڵی**

**یەکسەر دێمەوەلای تۆ** ل 22

یان دەڵێ:

**بەیەك خێرایی**

**ئەو خۆر جێیان هێشتم** ل 27

بۆ چركەساتێكیش نیشتمان لێی جودا نابێتەوەهەمیشە لە خەون و خەیاڵی دایە , بۆیە دەڵێ:

## كەرێگاكان بەرەو ماڵەوە بچنەوە

## نازانم ئەو سەفەرە درێژەم بۆ كرد

چاوی شاعیرو هەستی شاعیر,رەوشتی شاعیر جیاوازە لە گەڵ خەڵکی تر ,نەگەڕانەوی شاعیر بۆ نیشتمان مانای وا نییە کە شاعیر چیتر وڵاتەكەی خوی خۆش ناوێت یان هەستی نەتەوایەتی كز بووە, نەخێر ئەو زۆر بە جوانی نەتەوەییە ئەوەش لە شیعرەكانی بەرروونی دیارە

دەڵێ:

**شەڕ بوو,**

**منی لە بروسكە خێراتر گەیاندە ئێرە** ل75

یان دەڵێ:

**شەڕ خراپی پەرت کردین .**

شاعیر بۆ گەڕانەوەی نیشتمان پەنا دەبات بۆ( با) بۆ ئەوەی بەخێرای بیگەڕێنتەوەماڵەوەو دەڵێ:

**لە دوو قاچی لە با دەگەڕێم,**

**پێی بچمەوە ماڵەوەو**

**چیتر باسی با نەکەم .ل 142**

## کورتە شیعر:

ڕۆمانە شیعر, چیرۆکە شیعر, کورتە شیعر, هایکۆ, چوار خشتەکی و تاك دێرەشیعر, پۆستەرەشیعر......هتد

شیعر بەکورت ودرێژی نیە , شیعرلە تۆپەلە وشەو کارەساتی گەوەو رەمزو تەم ومژوجوان وشەی ناو فەرهەنگ ناوی وڵات و زیندان و ژن و شەهیدو پێشمەرگەو و پایزو ئایدیاو ئاین و دنیایەك شتی تریش پێك دێت ,گەر بەهرەو ر ۆشنبیری ومەعریفەی شیعریت نەبێت , گەر ڕۆمانە شیعریش بنووسیت, ناتوانی شیعرێکی جوان بنووسیت. لە هەشتاکان کۆمەڵە گەنجێك بووین نامیلکەی(لەغوربەتا)ی عومەر عوسمانمان دەست کەوت ئەودەست ئەودەستمان پێی دەکرد, ئەو مرۆڤە بە یەك نامیلکە بووە شاعیرێکی ناسراو .شیعرەکانی لە دڵەوە بۆ دڵە , بۆیە ئێستاش ناویان ناوە ژەنەراڵی پایز

جەلال بەرزنجی ئاوا باسی شیعرو ژیان دەکات و دەڵێ:

**شیعر هەموومانی لە دەورو بەری ژیان جێ هێشت ل 63**

یان دەڵێ:

**پڕاو پڕی بنەوەی ژیان**

**شیعری تەڕە ل81**

یان:

**شیعر بردمیە ناو زۆر وشەی جیاواز ل116**

شاعیر لە دیوانی (سەمای بەفری ئێواران) لە ساڵی 1979 شیعری کورتی هەیە وەهەروەها لە دیوانی دووەمی (گەرم نەبوونەوەیش)کە لە ساڵی 1985 چاپی کرد شیعری کورتی هەیە , بەڵام لە دوا دیوانی (ناوم بنێن ماڵەوە) کەوا ساڵی 2006 لە هەولێر لەم هەموو چاپخانەو توانازۆرەی حکومەت و حیزبەکانی کوردستان , جەلال بە پارەی گیرفانی خۆی 600 دانەی لێ چاپ کرد (136) دێرە شیعری کورتی تێدایە,لە گەڵ چوار شیعری مام ناوەندی, جەلال لە کەنەدا بۆ ماڵەوەی دەنووسێ هەرلەوێش لە بەر جوانی شیعرەکانی خەڵاتی مادی و مەعنەویش دەکرێت,بۆیە من دەڵێم :

**باهەموومان پێکەوە بڵێن:**

**خودایە وەتەن ئاواکەی**

**چەند دڵگیرو شیرینە**

جەلال بەرزنجی مێژوویێکی کۆنی هەیە لە گەڵ جورئەتدا ,لە سەرەتای دەست پێ کردنی لە حەفتاکان تا دواناملیکەی کێرڤی ئەزمونی شیعری وجورئەتی دەربڕینی لە بەرز بوونەوەیە بەڵام ئەوەی لای من جێگەی سەرنجە جورئەتی نوسینی ئەم شیعرە کورتانەی ئەم دواییەیتی,لە دیوانی (ناوم بنێن ماڵەوە)

ئەوە چەند نموونەیەك لە شیعرەكورتەكانی نەك هەر لە ناو كورد, بەڵكو لە جیهانیشدا كەم شاعیر جورئەت دەكات ئەوها شتەگەورەكان لە چەند وشەیەك چڕ بكاتەوە

(سێو درۆ بوو ) ل122

(مۆمەكە بۆ دوای هەڵگرە) ل16

(حەوت ساڵە تەیر لێی داوم) ل47

(ئەوە كۆتاییە) ل53

(ئۆی ..خودایە) ل80

(خودا لایتی ئاسمانە) ل114

(بۆچونە گۆڕیش خۆی نەگۆڕی ل14

من ئیرەی بە جورئەتی جەلال بەرزنجی دەبەم چونكە ئەو ستایلە قورسترینە,كە بتوانی لە یەك دوو وشە یان لە دێرێك شتی گەورە بڵیت , بۆیە هەر جارێك ( ناوم بنێن ماڵەوە) دەخوێنمەوە بۆچونی جیاوازم لا دروست دەبێت , نالێم لە ناو شیعری كوردی شیعری كورت نیە , بەڵام وەك شیعرە كورتەكانی جەلال نین)

منیش دەڵێم راستە , جەلال بەرزنجی ئەو شاعیرەیە خاوەن جورئەت و قودرەتی داهێنانەشە بۆییە دەڵێ:

شوانایەتیەكەت

تا خوارەوەی ژیان نەبوو ل 66

یان دەڵێ:

خودا دیار نەبوو

یەكەمین جار بوو لەشمان ئازاد بێت ل93

یان:

بۆ چوونە ناو ئاوێنە

هەمووما‌ن بە یەك رێگادا دەڕۆین ل120

ئەو ستایلەی بەرزنجی ئەم شیعرانەی پێ نووسیوە زۆر تازەیە دەبێ زۆری لە سەر بوەستین , لە سەری بنووسین .

## جەلال بەرزنجی لە كێ دەچێت !

شاعیر هەیە خودی بە یەك ئاقار دەقی گرتووەو بە دەوری بازنەیەكدا دەسوڕێتەوە تیایدا دەچەقێت و دەرناچێت , هەشە لە سەر ماندووبوون و ئەزمونی شاعیرانی تر دەلەوەڕێ وبێ ئەوەی شەرمەزاری دای بگرێ بەرهەمەكانی بە سەر خوێنەراندا ساغ دەكاتەوە,هەندێك لەو شاعیرانە گەنج نین تا بڵێن لاسای كردنەوە یان دزی كردن قۆناغێكە هەتا دەگەن بە دەنگی خۆیان یان وشك دەبنەوە,شاعی وا هەیە بیست ساڵە دەنووسێ كەچی بە نوێژی نیوەڕۆ دەدزێ ئەمانە شاعیر ی نین و خودیان روحیان بەتاڵە , ناوی چەندەها شاعیرم لایە دوای بڵاو بوونەوەی (ناوم بنێن ماڵەوە) ی جەلال بەرزنجی زۆرر لێزانانە و شارەزایانە كۆپی بیرۆكە و ستایلی جەلالیان كردوە لێیان دزیوە , بەڵام ئەوشاعیرانەی لە بەرزنجیان وەرگرتوە بە هەڵە لە شیعرەكانی بەرزنجی گەیشتوون بەتاییەتی كەدەڵێت:

گەر دەتەوێت بە رێگەیەكی كورت بە خودا بگەیت,

**به دوای شیعرەکانی مندا بڕۆ ل** 127

**هەرکاتێك شیعرێکی نوێی بەرزنجی دەخوێنمەوە هەست بە دنیایەکی جیاوازوتر, دەکەم لەوەی پێشتری, گەرم نەبوونەوە کە لە ساڵی** 1985 **چاپی کرد زۆ جیاواز بوو لە(سەمای بەفری ئێواران)**1979**( بارانی رەحمەت** 2003**) جیاوازبوو لە( گەرم نەبوونەوە), (یادەوەری کەسێکی بەربا)**2004 **جیاواز بوولە بارانی رەحمەت و دوا دیوانیش (ناوم بنێنماڵەوە) جیاوازبوو لە هەموو دیوانەکانی پێشتری وهەنگاوێکی گەورەبوو بەرەو بە جیهانی کردنی شیعری کوردی.**

**رەسوڵ هەمزاتۆف دەڵێ زۆرم پێ خۆشە کە پێم دەڵێن کتێبێکی رەسەلانەتە نوسیوە)**

**منیش وەك خوێنەرێك دەڵێم (بەرزنجی شیعری بەزنجیانەی (مەبەستم جەلال بەرزنجی) یانەی نووسیوە.**

**دیسانەوە هەمزاتۆف دەڵێ(من نابێ لە کەس بچم نە پۆشکین نە بایرۆن)**

**دیسان دەڵمەوە( زۆرمان لە جەلال دەچین بەڵام ئەو تەنیا لە خۆی دەچێت.)**